پەرلەمانی عێراق دەرگای خۆپاڵاوتن بە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکاتەوە

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنی پەرلەمانی بە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو ڕاگەیاند، کە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەخۆدەگرێت.

لە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە " کارنامەی دانیشتنەکەی ڕۆژی چوارشەممە (22/11/2023) بریتییە لە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن بە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و دەنگدان لەسەر پێشنیاری یاسای هەموارکراوی کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان."

"کەبوونەوەکە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ دەستپێدەکات"